وتاری بەخشینی خەڵات لەلایەن  د. هانەلۆرە کویشلەر (٢)

دەست خۆش دکتۆر مامۆ، بۆ وشەکانت راستەکانت سەبارەت بە جەمال نەبەز ئەوانە بۆ من بیرەوەری ساڵانی خوێندکاریم لە زانکۆی ئازاد بەشی خوێندنی ئێرانیستیک (وەک بابەتی لاوەکی) لە زانکۆی لە ساڵانی ١٩٧٠ەکان دێنێتەوە یاد' کاتێک جەمال نەبەز وانەبێژی پرۆڤیسۆری یاریدەدەر بوو لە ئینیستیتووتی خوێندنی ئێرانیستیک ، و هەوڵی ئەوەی دەدا بەشی خوێندنی کوردی کوردیسک ( کوردۆلۆگی)وەک بەشێکی سەربەخۆ بە فەرمی لە زانکۆی ئازاد بکاتەوە جەمال ڕوون و ئاشکرا لەمەڕ ئێزیدییەکان وتی: یەزیدییەکان شوێن و جێگای تایبەتیان هەیە لە نێوان کورداندا، کە پەیوەندیدارە بە ئایین و کەلەپوورە تایبەتییەکەی خۆیان هەیانە. ئەو دەقە کوردییەکان کە سەبارەت بە باوەڕی یەزیدی نووسراون، بەوەی ناساند کە بەڵگەنامەی شوێنەواری زمان و کەلتووری بێهاوتان.

لەم شوێنەدا ، دەمەوێت بڵێم کە نزیکەی بیست ساڵ پاش ئەوە، لە دەستپێکی ساڵانی ١٩٩٠ەکان، بە چاوی خۆم ئەزموونی ڕاستەقینەی ژیانی یەزیدییەکانم بینیوە وەک پەنابەر و ئاوارە لە ئەڵمانیا. لەگەڵ جەمال بووم، و شۆفێرێکیش هەبوو کە ئێمەی لە بەرلین برد بۆ ئۆردوگای پەنابەران لە ڕۆژهەڵاتی ئەڵمانیا. دوانی ەڕۆیەکی پێموایە هەینی بوو . چووین بۆ دیدارێک لە نێوان جەمال و شێخێکی بەڕێز و پلە بەرزی ئێزیدی دا . شوێنەکە ژوورێکی زۆر بچووک سادە و شپرزە بوو، تەنیا وێنەیەک بە بەرزی بە دیوارەکەوە هەڵواسرا بوو. شوێنێکی زۆر سادە بوو بەڵام هۆ و هۆکاری دیدارەکە زۆر تایبەت بوو.

ئەو پێشوازیە یەزیدییە دەتەوێت سوپاسی جەمال بکات، بۆ ئەوە بوو ئەو شێخە مەزنە سوپاسگوزاری خۆی بە جەمال نەبەز راگەیەنێ و کە سەربار زۆری کێشە و ئاستەنگ و رەخنە و بڕیاری نادروست وا هەر راستگۆیانە و واقیعییانە سوورە لەسەر باەری خۆیی و دەربارەی ئێزیدی دەنووسێ و دەئاخڤێ.. وەک نیشاندانی بەڵگەیەک بۆ بەهێزی و هەقیقەتی سوپاسەکەی و خۆی، ئەو پێشەوا مەزنە دیارییەکی سیمبۆلی خەنجەرێکی رازاو بە دەسکێکی بریقەدار و لەناو کالانێکی بە دەست چنراوی بەنرخدا پێشکەش بە جەمال کرد — بۆ ئەوەی جەمال ئەمە وەک نیشانەیەکی تایبەتی و مانایەکی کەلتووری وەردەگرت — بۆ پاراستن، و بۆ بەهێزکردنی خۆی بۆ بەردەوامبوون.لەسەر پیرۆراکانی سەفەرەکە بە چوون و هاتن ڕێگایەکی دوورودرێژی چەند کاتژمێری بوو، بەڵام بۆ ماوەیەکی زۆر کەمماینەوە.

دیدارێکی کورت بوو. بە یەک گەیشتنی دوو کوردی ڕێزلێگیراوی گەورە کە هەردوو دوور لە نیشتمان ، شوێنی خەون و ئاواتەکانیان - یەکتریان بەرز دەنرخاند، — من تووشی دڵتەنگی بووم. بەڵام جەمال شتەکەی جیاواز دەبینی و جیاواز بیری کرد. ئەو هەر بەردەوام بوو . ئەوە خەڵاتەکەی وەک خۆی وەرگرت. وەک نیشانە و مانایەکی قەدرزانی و پشتگیری وەردەگرت.

من خودی خۆم زۆر دڵخۆشم کە دووەمین خەڵاتی جەمال نەبەز دەبەخشرێت بە ئێزیدییەک و من دەتوانم بەڵگەنامەی خەڵاتەکەت پێشکەش بکەم بۆ ئەوەی: بۆ کار و توێژینەوە نایابەکانت لەمەڕ کولتوور و ئایینی ئێزیدییەوە وەک زانستکارێک کە بەها و نرخی دیکۆمۆنتی دەزانی. بەڵگەنامە و دۆکۆمێنت رێگری لە ون بوون دەکەن،و یادەوەرییەکان دەپارێزن. ئێوە نرخ و بەهای ئێزیدییەکان و و ئایین و کولتوورەکەیان دەزانن وەک تاکە بەشێک لە میراتی کولتووری جیهان.

بەرلین ٢١ی ئەیلوولی ٢٠٢٥